سەرۆک وەزیران فەرمان دەکات خەرا بکەن لە تەواوکردنی پرۆژەی وەستگەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی شاری نەجەف/قەناغی دووەم

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەردانێکی مەیدانی ئەنجامدا بە پرۆژەی وەستگەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی شاری نەجەف/قەناغی دووەم، کە یەکێکە لە پرۆژەکانی وەزارەتی ئاودانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شارەوانییەکان و کار گشتییەکان، ئەمەش لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بە پارێزگای نەجەف کە بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە گەیشتە شارەکە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە سودانی پێداچوونەوەی بە بەرەوپێشچوونی کار جێبەجێکارییە بەردەوامەکان کرد لە پرۆژەکە و داوای لە کەمپانیای جێبەجێکار و کارمەندەکانی کرد هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ، بەمەبەستی خەراکردن بە تەواوکردنی پرۆژەکە، چونکە یەکێکە لە گرنگترین پرۆژەکانی خزمەتگوزاری لە پارێزگاکەدا.

توانای پرۆژەکە دەگاتە (100) هەزار م3 لە ڕۆژێکدا لە ئاوی چارەسەرکراو و گونجاوە بە بەکارهێنانی کشتوکاڵی و بە یەکێک لە پرۆژە ژێرخانە گرنگەکان دادەنرێت کە بەشداری لە باشترکردنی دۆخی ژینگەیی و خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانی پیتەنێر دەکات لە شارەکە.